

د. لەیلا ئەمیر:

# پیاوان نموونەیەکی جوانی کاری سیاسییان پێشکەش نەکردووە تاوەکو ئافرەتان شوێنپێی ئەوان هەڵبگرن

د. لەیلا ئەمیر هەڵگری بڕوانامەی دوکتۆرایە لە کۆمەڵناسیی سیاسی و پەرلەمانتاری خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بووە، لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان تیشکدەخانە سەر ڕۆڵی سەربەخۆیی ئابووریی ئافرەت و هێما بۆ ئەوە دەکات کە سیستەمی ئابووری، سیستەمێکی پیاوسالارانەیە، لە هەمان کاتدا گیرۆدەی کۆمەڵێک قەیرانی قووڵ بووەتەوە. بۆیە کۆی گشتی سیستەمی ئابووری پێویستی بە چاکسازی و دووبارە بونیادنانەوە هەیە، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی بەکاربەرە. بۆیە ئەو زەمینەیە دەرفەتی پیشەی جۆراوجۆری لە تاکەکان بەگشتی و بەتایبەت لە ئافرەتان وەرگرتۆتەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** بێگومان سەربەخۆیی ئابووریی ئافرەت کاریگەری بەرچاوی لە دەستەبەرکردنی مافەکانیدا هەیە، لەو بوارەدا پێویستە چ گۆڕانێك لە سیستەمی ئابووری-سیاسیدا بکرێت؟**

- سەربەخۆیی ئابووری بۆ هەر تاکێك، زامنی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ژیان و تا رادەیەکی زۆر سەربەخۆیی ئەو کەسەیە لە بڕیارە تایبەتییەکانیی لە ژیاندا. پێداویستییە هەنووکەییەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەندە زۆرن کە هەر کەسێك بتوانێت لە نێو خێزاندا بەشێك لە ئەرکی دارایی لە ئەستۆ بگرێت، پێگەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت و دەتوانێت بەشداری بڕیارەکانی نێو خێزانەکەی بکات. بە هەمان شێوە بەشێك لە ئافرەتان ئەمڕۆ خاوەن کارو داهاتی سەربەخۆی خۆیانن، کە توانای بڕیاردانی لە ئاستی کەسی و خێزانی پێ بەخشیون. بەگشتی بارودۆخی ئەو ئافرەتانەی داهاتی ئابوورییان هەیە، لە زۆر رووەوە باشترە لەو ئافرەتانەی لەم رووەوە وابەستەی پیاوانن. کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە ژمارەی ئەو ئافرەتانەی خاوەن کارو داهاتن کەمترن لەوانەی بێکارن. کاری ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ بارێکی قورسی سەرشانی ژنانن کە نە لەلایەن حکومەت و نە لەلایەن پیاوان، تەنانەت لەلایەن خودی ژنانیش وەکو کار سەیر ناکرێت. لە کاتێکدا دەبینین هەمان ئەو ئەرکانەی لە ماڵەوە لە ئەستۆی ئافرەتانن، ئەگەر بە دامەزراوەکان و کەسانیتر بسپێردرێت، حیسابی کاری بۆ دەکرێت و دەبێتە سەرچاوەی داهات بۆیان. سیستەمی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی کاریگەری زۆری لەسەر بارودۆخی ئافرەتان هەبووە. سەرەڕای ئەوەی کە سیستەمی ئابووری، سیستەمێکی پیاوسالارانەیە، لە هەمان کاتدا گیرۆدەی کۆمەڵێك قەیرانی قووڵ بووەتەوە. بۆیە کۆی گشتی سیستەمی ئابووری پێویستی بە چاکسازی و دووبارە بونیادنانەوە هەیە. سیولەی پارە لە هەرێم لەژێر کاریگەری و نفووزی پیاوان بە زۆری لە کەرتی بیناسازی و بازرگانی دەخولێتەوە. کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی بەکاربەرە. بۆیە ئەو زەمینەیە دەرفەتی پیشەی جۆراوجۆری لە تاکەکان بەگشتی و بەتایبەت لە ئافرەتان وەرگرتۆتەوە. دەبینین زۆربەی ئەو ئافرەتانەی لە هەرێمدا خاوەن داهاتن، یان کارمەندی حکومەتن، یان لە رێکخراو و کۆمپانیاکان کارمەندن. ئەمە وایکردووە کە نفووز و کاریگەری ئافرەتان لە نێو سیستەمی ئابووریدا لە خراپترین باریدا بێت. تا ئەو سیستەمە گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، ئافرەتان ناتوانن جێگەی خۆیانی تێدا بکەنەوە.

*** لە ناو پەرلەمان و سەرکردایەتی و ئاستی باڵای حزبەکاندا ژمارەیەکی بەرچاوی خانمان هەن، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەو ژمارە بەرزە تاچەند توانیویانە هاویەشیی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا بۆ بەشداری کارا لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسیدا بگۆڕن؟**

- سەبارەت بەو پرسیارە، پێویستە دوولایەنی کاری حزبی و حکومەت لەیەك جیا بکەینەوە. بەگشتی کایەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، ناوەندێکی ئەمین و سەلامەت نییە بۆ ئافرەتان. لە ماوەی حوکمڕانیی کورددا، کۆمەڵگەی کوردستان بە شێوەیەکی ناتەندروست بە حزبی کراوە. حزبەکانی کوردستان زۆرترین ژمارەی کەسەکان لەخۆیان کۆدەکەنەوە، واتە بە هەمان شێوەی پیاوان، ژمارەیەکی زۆری ئافرەتانیش لەنێو حزبەکاندا بوونیان هەیە، بەڵام کەمترین کاریگەرییان لە بڕیارە سیاسییەکاندا هەیە. بە بۆچوونی من هۆکاری ئەمە بە پلەی یەکەم بۆ ستراکتۆر و ئەو وەزیفەیە دەگەڕێتەوە کە حزبەکان دەیبینن. پرسی ئافرەت و مافەکانی تا ئێستاش، خولیا و پرسی حزبە سیاسییەکانی کوردستان نەبووە. لەوانەیە ئەمە بەشێکی بۆ شێواز و هەلومەرجی دروستبوونی حزبەکان بگەڕێتەوە، کە حزبی شۆڕشگێری بوون. عەقڵ و ویستی پیاوانە لە پشت دروستبوون و بەڕێوەبردنی کاری هەموو حزبە کوردستانییەکاندایە، سەرچاوەکانی دەسەڵات کە نفووزی سیاسی و داهاتە هەر لەدەستی پیاوانە. بۆیە زۆر زەحمەتە ئافرەتان بتوانن بە ئاسانی لە ناوەندی حزبیدا بکەونە نێو بازنەی بڕیاردان. لە لایەکیتر خودی ئافرەتان لە نێو حزبەکاندا، زیاتر لەوەی کە خۆیان وەکو کائینێکی سیاسی ببینن، وەکو کارمەندێك دەبینن کە چاویان لە بڕیارەکانی پیاوان بڕیوە. نە یەکگرتوویی و نە ئەو هۆشیارییە پێویستە لە ناو ئافرەتاندا هەیە کە گۆڕانکاری لەو بارودۆخەدا بکەن. بە هەمان شێوە بارودۆخی ئافرەتان لە حکومەتدا زۆر خراپترە لە حزبەکان. لە ئاستی وەزارەتەکان کەمترین پلەی وەزیری و بەڕێوەبەری گشتی بەر ئافرەتان کەوتووە. تەنانەت لەنێو زانکۆکانیش کە وەکو ناوەندی رۆشنبیری و ئەکادیمی سەیردەکرێن، تا ئێستا یەك سەرۆکی زانکۆی ئافرەت نابینین. لەمڕووەوە حکومەتیش درێژکراوەی حزبە، هۆکارەکانیش هەمان هۆکارن.

*** هەندێك لە بیرمەندە هاوچەرخەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا پێوەندی پێچەوانە هەیە لە نێوان ئاستی بەشداری سیاسی ئافرەت و کەمبوونەوەی توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا، بۆچی بەشداری سیاسیی ئافرەت لە کوردستان نەبووتە هۆکاری نزمبوونەوەی ئاستی توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا؟**

- جارێ من وای نابینم کە بەشداری سیاسی ئافرەتان بەرز بێت. بەهیچ شێوەیەك بەشداری سیاسی هاووڵاتای بە حزبی بوون، کارکردن لەناو حزبەکان و بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان نییە، کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا وا پێناسەی بۆ دەکرێت. تا ئەو کاتەی ئافرەتان لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هۆشیار نەبن و نەتوانن بەشداری پرۆسەی بڕیاری سیاسی بکەن، یان کاریگەر بن لەسەری، ناتوانین بڵێین ئاستی بەشداری سیاسی ئافرەتان بەرزە. تا ئێستا لە هەرێمی

**ئەو ئافرەتانەی بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی و دیاریکراو، شوێنپێی پیاوان کەوتوون و خزاونەتە نێو بازنەی گەندەڵی و پێوەندیی نادروستی سیاسی، نموونەیەکی ناشیرینیان پێشکەش کردووەو کاریگەری نەرێنیی زۆریان لەسەر پرسی ئافرەت لەو هەرێمەدا هەبووە**

**زۆربەی ئەو پیاو و ژنانەی لەنێو کایەی سیاسیدا کاردەکەن، هەژاری فکری و رۆشنبیرییان پێوە دیارە. ئەمەش پێوەندی بە کەلتووری کۆمەڵگەکەوە هەیە کە هاندەر نییە بۆ ئەوەی تاکەکان تاکی بەرهەمهێن بن**

**گۆڕینی ئەو ژینگەیە، لەدەست کەسانی بڕیاردەری حزبەکانن، پێویستە ئەوان وەکو سەرچاوەی مرۆیی ئەندام و کادیرە ئافرەتەکانی حزبەکانیان ببینن و بەشێوەیەک لە خەمی پاراستنی ئەمنیەت و کەسایەتی ئافرەتان بن**

**له نێو حزبەکانی کوردستاندا ئەوەندەی لە دەرەوەی کۆبوونەوەکان گفتوگۆ و هەوڵی یەکلاکردنەوەی ئاراستەکان و بڕیارەکان دەدرێت، ئەوەندە لە نێوکۆبوونەوەکان ئەم هەوڵانە نادرێت**

**تەنانەت لەنێو زانکۆکانیش کە وەکو ناوەندی رۆشنبیری و ئەکادیمی سەیردەکرێن، تا ئێستا یەک سەرۆکی زانکۆی ئافرەت نابینین**

کوردستاندا ئافرەتان لە ناو حزبەکان و حکومەتیش نەیانتوانیوە بە باشی کاریگەرییان لەسەر دابینکردنی مافەکانیان لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و بوارەکانیتردا هەبێت.

*** لایەنێکی دیکەی گرنگ بۆ بەشداری زیاتری ئافرەتان لە کایەی سیاسی، رێکخستن و کاتی کۆبوونەوە سیاسییەکانە لەناو حزبەکاندا، چونکە زۆربەی کۆبوونەوە حزبییەکان کاتیان نادیارە، زۆرجاریش نەریتی خێزانی ئەوە قبووڵ نەکات، ئێوە چ رێکارێك بۆ نەهێشتنی ئەو بەربەستانە پێشنیار دەکەن؟**

- کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ، ئەرکی ناوەوەی خێزانی لەسەرشان کەم نەکردۆتەوە، بۆیە ئەگەر رێگری تریش نەبن، تەنیا دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ئەو هەموو ئەرکە لە رووی کات و تواناییەوە زۆر قورسە. ئافرەتان کەمتر لە پیاوان دەرفەتی یەکتربینین و بەشداری لە دانیشتن و گفتوگۆی سیاسییان هەیە کە لە دەرەوەی کۆبوونەوەکان بەڕێوەدەچن. لە نێو حزبەکانی کوردستاندا ئەوەندەی لە دەرەوەی کۆبوونەوەکان گفتوگۆ و هەوڵی یەکلاکردنەوەی ئاراستەکان و بڕیارەکان دەدرێت، ئەوەندە لە نێوکۆبوونەوەکان ئەم هەوڵانە نادرێت. ئەم ژینگەیە تەواو پیاوسالارانەیە. هەوڵدانی هەر ئافرەتێکیش بۆ خزانە نێو ئەو ژینگەیە، کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ژیانی خێزانداری و ناوبانگی دەبێت. ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئافرەتان لە ناو حزب و کۆبوونەوە حزبییەکانیش کەمترین کاریگەرییان هەبێت. بە بۆچوونی من ئەرکی گۆڕینی ئەو ژینگەیە، لەدەست کەسانی بڕیاردەری حزبەکانن، پێویستە ئەوان وەکو سەرچاوەی مرۆیی ئەندام و کادیرە ئافرەتەکانی حزبەکانیان ببینن و بەشێوەیەك لە خەمی پاراستنی ئەمنیەت و کەسایەتی ئافرەتان بن، کە هاوپیشە پیاوەکانیان نەتوانن لەمڕۆوە سنووردارییان بکەن.

*** هەندێك لەپیاوانی سیاسەتمەدار کاتێك باسی بەشداریی سیاسیی ئافرەت دەکەن، رایانوایە ئافرەت لەم بوارەدا، پێویستە وەك پیاو بیربکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە جوانی و رۆڵی ئافرەت لە بەشداری سیاسەتدا ئەوەیە وەك ئافرەت بیربکاتەوە، ئێوە چۆن وەڵامی ئەو سیاسەتمەدارە پیاوانە دەدەنەوە؟**

- پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، زۆر ئاڵۆز و قەیراناوییە. دامەزراوە سیاسییەکان لە خراپترین ئاستی ئەدای کاری سیاسیدان. کۆی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمدا ئەزموونێکی پیاوسالارانەیە. لە دروستکردنی حزبەکان و دیاریکردنی وەزیفەیان، لەئەدای کاری کابینەکانی حکومەت، لە توندوتیژی سیاسی، شەڕی ناوخۆ و ئەو ناسەقامگیرییە سیاسییەی ئەمڕۆ هەیە، پیاوان نەخشەدارێژەر و بڕیاردەرن. بۆیە من وای نابینم کە پیاوان لە کایەی سیاسیدا، نموونەیەکی جوانی کارکردنیان پێشکەش کردبێت، تا بتوانن داوا لە ئافرەتان بکەن شوێنپێی ئەوان هەڵبگرن. بەگشتی لە هەرێمی کوردستاندا چەقبەستووییەك لە هەموو ئاستەکان لە رووی فکرییەوە هەستی پێدەکرێت. زۆربەی ئەو پیاو و ژنانەی لەنێو کایەی سیاسیدا کاردەکەن، هەژاری فکری و رۆشنبیرییان پێوە دیارە. ئەمەش پێوەندی بە کەلتووری کۆمەڵگەکەوە هەیە کە هاندەر نییە بۆ ئەوەی تاکەکان تاکی بەرهەمهێن بن. بۆیە هیچ بە زەرووری نازانم ئافرەتان لەمڕۆوە شوێنکەوتەی پیاوان بن. هەموو ئەو ئافرەتانەی بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی و دیاریکراو، شوێنپێی پیاوان کەوتوون و خزاونەتە نێو بازنەی گەندەڵی و پێوەندیی نادروستی سیاسی .

*** پرسێکی زۆر گرینگی کۆمەڵگە چۆنیەتی پەروەردەی کچانە بۆ گەیشتن بە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی، بەڵکو کچان لە بنەماوە پەراوێز دەخرێن وکاریان لەسەر ناکرێ بۆ ئەوەی بتوانن وەك سیاسەتوان دەربکەون. بێپلانی حکومەت وکەمتەرخەمی خێزان، رای ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

- یەکێك لە دیاردە نەرێنییانەی کە ئێستا کۆمەڵگەی کوردستان بەدەستیەوە دەناڵێنێت، دیاردەی بە حزبی کردنی کۆمەڵگەیە. لەمڕۆوە من بۆچوونی پێچەوانەم هەیە. هیچ بە پێویستی نازانم هەوڵی زۆرینەی تاکەکان کۆمەڵگە گەیشتن بە پلە و پۆستی سیاسی و حکوومی بێت، جا چ پیاو بێت، یان ئافرەت. دەسەڵاتی سیاسی، تاوانباری یەکەمە لە پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە. لە دەرەوەی فەزای سیاسیدا، هاووڵاتیانی ئەو هەرێمە هەست بە بوون و گرنگیی خۆیان ناکەن. هەموو سێکتەر و کارەکانیتر لە بەرامبەر بریقەداریی کاری سیاسی گرنگیی خۆیان لەدەستداوە. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، نەك لە ئاستی سیاسی، بەڵکو لە هەموو ئاستەکانیتر شکستی هێناوە. بۆیە زیاتر لەوەی کە ئافرەتان پێویستیان بەوە بێت هەوڵ بۆ گەیشتن بە ناوەندەکانی دەسەڵات بدەن، پێویستیان بە هۆشیاری سیاسی هەیە. پێویستە ئافرەتان لە بەرامبەر هەر بڕیارێك کە لە ناوەندە سیاسییەکانی حزب و حکومەت دەدرێت، ئەوەندە هۆشیار بن کە بزانن چەند لە بەرژوەندی ئافرەتاندایە بتوانن لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی هەڵسەنگێنن و کاریگەرییان لەسەر دەرکردن یان وەستانی بڕیارەکاندا هەبێت. پێویستە کاری سیاسی لە هەرێمدا، پیشەی هەمووان نەبێت، بەڵکو دەشێ ژمارەیەك لەو پیاو و ئافرەتانەی حەزی کاری سیاسییان هەیە، لەم بوارەدا چالاك بن.



# ئەوینداری و خۆشەویستی لە نێوان لەیەک دابڕان و بەیەک شادبوونەدا

گوڵان: کۆمەڵایەتی

بەشێك لە چالاكانی بواری كۆمەڵایەتی ئاماژە بەوە دەكەن كە لە هەلومەرجی ئێستادا زۆربەی پێوەندییە سۆزدارییەكان بە كارەسات و جیابوونەوەو بۆ یەك نەبوون كۆتاییان پێ دێت و بە دەگمەن ئەنجامەكەی ئەرێنی دەبێت و متمانە و راستگۆیی براوە دەبن. هۆكارەكەشی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە كە زۆربەی پێوەندییە سۆزدارییەكانی نێوان كچان و كوڕانی كۆمەڵگەی ئێمە ئەوەندەی لە پەیڕەوكردنی مۆدێل و لاساییكردنەوە دەچێت، نیو ئەوەندە لە پێوەندییەكی راستەقینەی نێوان دوو مرۆڤ ناچێت كە لەسەر بنەمای لێكتێگەیشتن و خاڵی هاوبەش دروست بوویێت، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لە دیدی خۆیانەوە شرۆڤەی زیاتری بابەتەكە دەكەن.



سەرەتا دەروونناس سامان سیوەیلی باسی ئەوە دەکات کە «لە پێوەندییەکانی نێوان هەر دوو رەگەزدا لای بەشێکی بەرچاو لە گەنجانی کۆمەڵگەی ئێمە هەتا ئێستا چەمکەکانی سەرسامبوون، حەزلێکردن، خۆشەویستی و بەزەیی جیانەکراونەتەوە، واتە هەر چواریان لەناو بۆتەیەکدا تێکەڵن و بە ئاستەم لەیەك جیا دەکرێنەوە. هەرکاتێکیش ئامانج تەمومژاوی بوو، یان مرۆڤ نەیزانی چی دەوێت، کەواتە ناشزانێت ئاراستەی دروست بۆ هەنگاوەکانی بدۆزێتەوە و ناشزانێت چۆن هەنگاو دەنێت. هەڵخلیسکان لێرەوە دەستپێدەکات. بەهۆی بڵاویی ئەو ئامێرانەی بوونەتە دروستکردنی کەناڵی پێوەندی بە شێوەیەکی سانا لەنێوان مرۆڤەکان، لەم رۆژگارەدا پێوەندی نێوان هەردوو رەگەز لە قۆناغی پێش هاوسەرگیریدا لەکۆمەڵگەی ئێمەدا لە ئاستێکدایە کە تا ئەندازەیەکی زۆر بەخراپ کەڵکی لێوەرگیراوە، بە نموونە کچێك، یان کوڕێکی نەوجەوان لەتەمەنی (١٢ تا ١٤) ساڵییەوە هەرگیز لەبار نییە بۆ دروستکردنی پێوەندیی سۆزداری، چونکە نەگەیشتۆتە پلەی رەسینی سۆزداری و هەڵچوونی و خاوەنی تێگەیشتنێکی رەسیو نییە بۆ رەگەزی بەرامبەر و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پاڵنەرەکانی پشت رەفتارەکانی رەگەزی بەرامبەر، کەچی بەپێچەوانەوە وەك مۆدێلێکی کۆمەڵایەتی باو لەتەمەنێکی نەگونجاوەوە زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئەم پێوەندییانە دروست دەکەن و بۆ قۆناغەکانی دواتری تەمەنیش هەروایە. بە واتایەکی دی پێوەندییە سۆزدارییەکان لەنێوان گەنجانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی زۆرترین پانتایی لەژیانی ئەواندا گرتووە و سەرقاڵبوونی ئەوان بەم لایەنە لەسەرووی هەموو سەرقاڵییەکانیانەوەیە بە خوێندنیشەوە.» گوتیشی: «ئەوەی مایەی تێڕامانە، قوڵبوونەوە و رۆچوونە بە پێوەندییە سۆزدارییەکاندا بەئەندازەیەك شتێك لەدەرەوەی ئەم پێوەندییەدا نەبینرێت، خۆ شەتەکدانێکی توند بەم پێوەندییە کە جگە لە هیوا و خەونی پەمەیی بەئایندەوە هیچ ئەگەرێك نەهێڵدرێتەوە بۆ شکست، یان دابڕان، یان نەهاتنەدی خەونەکان. لەبەرئەوەی لایەنی سۆزداریی لای رەگەزی مێینە گرنگی زیاتری هەیە و پانتاییەکی زیاتری لە ژیانی دەروونی ئەواندا گرتووە، هەربۆیە کچان زیاتر خۆیان گرێ دەدەن بەو پێوەندییەی کە هەیانە لەچاو کوڕاندا و زیاتر ئومێد هەڵدەچنن لەسەر پێوەندییەکان، هەر بەم هۆیەوە لەکاتی شکستهێنان، یان پچڕانی پێوەندییەکە کاریگەری قووڵتر بەجێدەهێڵێت لەسەر باری دەروونییان. بەپێی ئەو حاڵەتانەی لە سەنتەری راوێژکاریی خێزان بۆ گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان سەردانیان کردووین، زۆرینەی حاڵەتەکانی شکستخواردن لە پێوەندییە سۆزدارییەکاندا، بەتایبەتی لای رەگەزی مێینە نەخۆشیی خەمۆکی لێدەکەوێتەوە.»

سیوەیلی رایوایە «کاتێك پێوەندی سۆزداریی بە شکست دەگات لەنێوان کچان و کوڕاندا، بەتایبەتی لە دیدی کچانەوە کۆی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو رەگەز و کەسایەتی رەگەزی نێر دەکەوێتە ژێر چەندین پرسیارەوە، کە دواجار بێمتمانەیی بەرامبەر رەگەزی نێر دەخوڵقێنێت و هەمیشە بە گومانەوە لەبەرامبەری دەڕوانێت.» گوتیشی: «کاتێك مرۆڤ لە رێی پێوەندییەکی سۆزدارییەوە لەگەڵ رەگەزی بەرامبەردا خۆشەویستی دەکات، ئەوا رێژەی (سیرۆتۆنین) لە خوێنیدا زیاد دەکات، بەمەش رێژەی ئەدرینالین کەمێك زیاد دەکات، ئەم گۆڕانکارییانە دەبنە هۆی فراوانبوونی مولوولەکانی خوێن لە جەستەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی باشتربوونی رێڕەوی خوێن و بە رێژەیەکی باشتر بڵاوبوونەوەو هاتووچۆکردن، بەم هۆیەوە ماسوولکەکانی ئەملاولای مێشك خاودەبنەوە و تا رادەیەك کرانەوە بەخۆیانەوە دەبینن، ئەمەش وادەکات کەسەکە هەست بەئارامی و حەوانەوەیەکی دەروونی بەهێز بکات، ئەم حاڵەتەش خۆشحاڵی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و چاوانی کەسەکە دەبریسکێنێتەوە، تەنانەت گلێنەی چاوەکان بەکەمی فراوانتر دەبنەوە، ناودەم پاراوتر دەکات، هەروەها ماسوولکەکانی مل و سنگ و پشت خاو دەکاتەوە و ئارامییەك بە کەسەکە دەبەخشێت. بەڵام کاتێك مرۆڤ دووچاری شۆك دێت لە پێوەندییە سۆزدارییەکەیدا، یاخود شکست دێنێت، ئەوا (سیرۆتین) زۆر کەم دەکات لە خوێندا و (نورئەدرینالین) زۆر زیاد دەکات، ئەمەش گرژبوونی ماسوولکەکانی تەنیشت مێشك و مل و سنگ و پشتی لێدەکەوێتەوە و وا لەمرۆڤەکە دەکات هەست بە تەنگی بکات و کەسەکە گرژ و مۆن دەبێت و بینایی لێڵ دەبێت و کەسەکە بەردەوام هەست بە تینوێتی دەکات و ناودەمی وشك دەبێت و لە دەمیدا هەست بەتامی تاڵی دەکات.»

سیوەیلی بە پێویستی دەزانێت ئەو پیاوانەی لەژیانی هاوسەریدان گرنگی بەلایەنی سۆزداری بدەن، لەبەر ئەوەی دابینکردنی پێداویستییە مادییەکان بەتەنیا هیچ مانایەك بە ژیان نابەخشێت لە دیدی هاوسەرەکانیانەوە، دەکرێت ئەم هەست پیشاندانە لە کردارو گوفتاردا بەرجەستە بکرێت، هەروەها ژنانیش دەبێت لەو راستییە تێبگەن کە پێکهاتەی سۆزداری و سایکۆلۆژی هاوسەرەکانیان وەك ئەوان نییەو دەبێت هەوڵ بدەن خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا بدۆزنەوە. ئەوەشی خستەڕوو کە کچان و کوڕان لەکاتی بڕیاردان لەسەر دروستبوونی پێوەندی سۆزداری، زۆر بە کەمی گوێ بەلایەنی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان دەدەن، بەڵکو زیاتر ئەوەی مەبەستە پڕکردنەوەی بۆشاییە سۆزدارییەکەیە. بۆیە دەبێت کچان و کوڕان، هەڵسەنگاندنی تەواو بکەن بۆ بەرامبەر لەسەر بنەمای بوونی خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا بڕیار بدەن.

**خۆشەویستی راستەقینە بریتییە لە بەرگەگرتنی ژیان و بڕیاری دروست و خوێندنەوەی واقیع بۆ بونیادنانی ژیانێکی هاوبەش**

**راستە خانمانی خاوەن داهات زیاتر لە ژنی ماڵەوە خاوەنی ماف و ئازادیین، بەڵام ئەو خانمەش کە ژنی ماڵەوەیە، لە چوارچێوەی خێزاندا دەبێت خاوەنی پێگە و کەسایەتی خۆی بێت و حیسابی بۆ بکرێت**

**لە ئێستادا ناپاکی و درۆ و تەفرەدان جێگەی متمانە و خۆشەویستی و راستبێژی گرتۆتەوە، ئەوەش وایکردووە جۆرێک لە رەشبینی و گومان و دوودڵی لای چینی گەنجان و بەتایبەتی لای ئافرەتان دروست بکات**

سیوەیلی ئامۆژگاری ئەوینداران دەکات و دەڵێت: «هەرگیز هەوڵ مەدەن، هەڵە بە هەڵە چارەسەر بکەن، کاتێك بەرامبەرەکەت درۆی لەگەڵدا کردوویت، یان ناپاکییەکت لێ بینیوە، یان بەهەر شێوەیەك بێت پێوەندییەکەت بە شکست گەیشتووە، هەرگیز هەوڵ مەدە پەرچەکرداری خێرات هەبێت، وەك ئەوەی دەستبەجێ پێوەندی لەگەڵ کەسێکی تردا ببەستیت، یان بچیتە ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ کەسێکدا تەنیا بۆ ئەوەی داخ بکەیتە دڵی هاوسۆزەکەی پێشووت، چونکە هەرگیز ناتوانیت سەرکەوتن لەو پێوەندییەدا بەدەست بهێنیت کە سەرچاوەکەی تۆڵەکردنەوە بێت .»

چالاکی مافناس تریفە سەعدوڵلا بەمجۆرە باسی هەمان پرس دەکات: «لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەجیاتی خۆشەویستی و ئەوین، داگیرکردن هەیە، واتە کوڕ کچ دەکات بە موڵکی خۆی و دەبێت بەپێی ڕێنماییەکانی ئەو بجوولێتەوەو رەفتار بکات. خۆشەویستی لە هوشیارییەوە دروست دەبێت، ئەوانەی لەمانای ئیشق تێناگەن، ناشزانن خۆشەویستی بکەن، لەکۆمەڵگەی دواکەوتوودا، خۆشەویستی و نەفرەت یەك شتن، یان دوو شتی تێکەڵن، بۆ نموونە: ئەو کەسەی گوایە زۆرت خۆشویستووە، لەپڕێکدا لێی تووڕە دەبیت و رقی خۆتی بەسەردا هەڵدەڕێژیت و دەیدەیتە بەر نەفرەت، ئاسان نییە کەسێك لەیەك کاتدا هەم سەرچاوەی خۆشەویستی بێت، هەم سەرچاوەی رق و تووڕەیی. ئەغریقی کۆن پێش لە٣٥٠٠ ساڵ، لەمانای خۆشەویستییان نەدەزانی، بەڵکو بە غەریزەی سێکسیان دەبەستەوە، فرۆید دوای ٣٥٠٠ ساڵ لەو بۆچوون و تێگەیشتنە هەڵەیەی ئەغریقی کۆن، جارێکی دیکە گەڕایەوە سەر هەمان تێگەیشتنی هەڵەی ئەغریقییەکان و وتی: خۆشەویستی جگە لە غەریزەی سێکسی هیچ شتێکی دیکە نییە، ئەمەشی لە ڕێگای نووسینەکانی خۆی بەتایبەت ئەوەی پێوەندی بەلیبیدو (وزەی غەریزی سێکسی)یەوە هەیە، لەو کەسانەی کە لەمنداڵییەوە تادەگەن بەپیری خستەڕوو. بە کورتی فرۆید وای دەبینی کە شتێك نییە پێی بوترێ خۆشەویستی، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە ئێستادا ناپاکی و درۆ و تەفرەدان جێگەی متمانە و خۆشەویستی و راستبێژی گرتۆتەوە، ئەوەش وایکردووە جۆرێك لە رەشبینی و گومان و دوودڵی لای چینی گەنجان و بەتایبەتی لای ئافرەتان دروست بکات.

چالاکی کۆمەڵی مەدەنی لەیلا دیوبەند سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بارودۆخی کۆمەڵایەتی توێژی لاو و بەتایبەتی ژنان بە درێژایی مێژووی کورد لە یەك ئاست و یەك شکڵدا نەبووە، وێڕای زۆربەی نەتەوەکانیتری جیهان، دەرهاویشتەکانی شارستانییەت و پاشان ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان توانیویەتی کاریگەرییەکانی لەسەر کەلتووری کوردیش بەجێ بهێڵێ، بۆ نموونە دۆخی کۆمەڵایەتی کورد لە پاش هێرشی مەغۆلەکان و پاشان هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر کوردستان بە تەواوەتی کەوتە ژێر کاریگەری و کارتێکەری کەلتووری هاوردەی بێگانە، واتە شارستانییەتی کورد کە شارستانییەتێکی پێشکەوتوو و مرۆڤدۆستانە بوو، بە زەبری هێز جێی خۆی دا بە کەلتووری دەشتەکی و بیابانی، ئەو کەلتوورەی تووی پیاوسالاری و هەناسەکانی دژایەتی ژن و بە کەم زانینی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا چاندو تا ئێستاش بەرەکەی دەڕنینەوە.چارەسەری ئەو دیاردەیانە لە گرەوی ئاڵوگۆڕێکی زانستی و بابەتییانە و مرۆڤدۆستانەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە لە خوێندنەوە و تێگەیشتنیان لە ژیانێکی سەردەمییانە و شارستانی.»

گوتیشی: «راستە خانمانی خاوەن داهات زیاتر لە ژنی ماڵەوە خاوەنی ماف و ئازادین، بەڵام ئەو خانمەش کە ژنی ماڵەوەیە، لە چوارچێوەی خێزاندا دەبێت خاوەنی پێگە و کەسایەتی خۆی بێت و حیسابی بۆ بکرێت، نەك بە سووکی سەیری بکرێت .

محەمەد سابیرگۆمەشینی، توێژەری کۆمەڵایەتییە و سەبارەت بەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی خۆشەویستان و بەیەك نەگەیشتنیان، ئاماژە بەوە دەکات کە «هۆکارەکان جۆراوجۆرن، لەوانە: جیاوازیی کەلتووری نێوان دوو بنەماڵە، باری دارایی و ئاستی خوێندن و رۆشنبیری خانەوادەیی و دواتر جیاوازی زۆری تەمەن، ئەمانە بە هۆکارە سەرەکییەکان دادەنرین، بەڵام جگە لەوانەش هۆکاری سەرەکیتر ئەوەیە کە لەبنەڕەتدا بەشێك لەوانەی کە لە مانای راستەقینەی خۆشەویستی نەگەیشتوون، رەنگە وابزانن ئەو کارەی دەیکەن بەشێکە لەقوربانیدان و ئەوەش بەشێکە لەو دونیا خەیاڵییەی لەخۆشەویستی بۆخۆیان دروستیان کردووە، یان لە فیلمە دۆبلاژکراوەکان دەیبینن و ئەوانیش لای خۆیانەوە تاقی دەکەنەوە، ئیتر بۆیە دەبیت بزانرێت ئەوەی لەفیلم و رێکلامەکان پیشان دەدرێت لەبارەی خۆشەویستی، ئەوە راستەقینە نییەو تەنیا فێڵی پشت کامیرایە، چونکە خۆشەویستی راستەقینە بریتییە لە بەرگەگرتنی ژیان و بڕیاری دروست و خوێندنەوەی واقیع بۆ بونیادنانی ژیانێکی هاوبەش.»

**کۆمەڵگەی کوردیدا لەجیاتی خۆشەویستی و ئەوین، داگیرکردن هەیە، واتە کوڕ کچ دەکات بە موڵکی خۆی و دەبێت بە پێی ڕێنماییەکانی ئەو بجوولێتەوەو رەفتار بکات**

**هەرگیز ناتوانیت سەرکەوتن لەو پێوەندییەدا بەدەست بهێنیت کە سەرچاوەکەی تۆڵەکردنەوە بێت**

**زۆرینەی حاڵەتەکانی شکستخواردن لە پێوەندییە سۆزدارییەکاندا، بەتایبەتی لای رەگەزی مێیینە نەخۆشیی خەمۆکی لێدەکەوێتەوە**